# سەرکۆمارنامە

8

**حەمەسەعید حەسەن**
وەرگری خەلاتی ئاراس

کەس بێ خەوش نییە، منیش خاوەنی گەلێک خەوشم، تاکە خەوشێک کە نیمە، ترسنۆکییە. خاوەنی هەندێک لایەنی ڕووناکیشم، گەشترین لایەنی من، سڵ نەکردنەوەیە لە گوتنی ڕاستی. وشەکانم بە دوو باڵ دەفڕن، باڵی بوێری و باڵی ڕاستگۆیی. وشەکانی من ڕووی دەمیان لە مێگەل نییە، بۆ ئەوانە نانووسم کە بڕیاریان داوە تا مردن هەر کۆیلە بن و تەنیا وەختێک ناویان ببیستریێت کە بە گڕ تریفەی وشەکانی مندا دێنەوە، بۆ ئەوانە نانووسم کە ئەم حیزب یان ئەو فیکر بە پیرۆز دەزانن، نووسینی من، بۆ ئەوانەیە کە ئازادیی خودی خۆیان بە لاوە پیرۆزە. منداڵ لە جەستەی دایکیدا دەخولقێت، نووسینی نووسەری هەقبێژیش لە ڕۆحیدا دروست دەبێت و ئەوی گوێی پێ نەدات، گوشاری دەرەوەی خودی خۆیەتی.

کە عەرەب دژی پەیمانی بەلفۆر دەنگی نارەزاییان هەڵبڕی، چەرچڵ گوتی: (فلان <کەس> با لەمێژیش بێت لە فیسار خانوودا بژی، وەلێ ئەمە بەڵگە نییە بۆ ئەوەی کە خانووەکە هی خۆیەتی.) ئایا تەنیا لەبەر ئەوەی باشووری کوردستان لەمێژە بە عێراقەوە لکێندراوە، ئیدی دەبێت هەتا هەتایە هەر بەشێک بێت لە عێراق؟ ئایا سەرکۆمار تەنیا لەبەر ئەوەی لە یەکەم ڕۆژی دامەزراندنییەوە، سکرتێری گشتیی ینک بووە، ئیدی مافی ئەوەی هەیە هەتا ماوە هەر لە سەر کورسیی هەمان پۆست ڕۆ بنیشێت؟ یەکێک لە جیاوازییەکانی نێوان حدکا و ینک ئەوەیە، ئەمیان زوو زوو سکرتێر دەگۆڕێت و ئەویان ئێستاش هەمان ئەو سکرتێرەی هەیە کە دە دوازدە ساڵێک بەر لە دامەزراندنی هەیبوو.

مێژوو گەواهی لەسەر ئەوە دەدات کە ئاسیاویی نێوان چین و تاڵەبانی زۆر کۆنە، کەچی باڵیۆزی چین لە بەغدا، سەرەتا سەردانی هەولێر دەکات و هەشت نۆ ڕۆژێک دواتر هاوینەهەواری دووکان بەسەر دەکاتەوە. ئایا ئەوە ڕێکەوتێکی ڕووتە؟ یان سیگناڵێکی دیکەیە بۆ لاوازیی شوێنپێی سەرکۆماری سەفەریی عێراقی بندەستی ئەمریکا؟ بەشێک لەوانەی سەری لێ دەدەن یان سەریان لێ دەدات، حەزیان لەو ماچوموچە نییە کە سەرکۆمار خووی پێوە گرتووە، بۆیە کە پێی دەگەن، توند توند پێیان لە زەوین گیر دەکەن، قنج و قیت دەوەستن و تا دەتوانن دەستی تەوقەی بۆ درێژ دەکەن، بۆ ئەوەی ماوەیەکی وا بکەوێتە نێوانیانەوە، بواری ئەوەی نەبێت ماچیان بکات. عەرەفاتیش چونکە خوای ڕامووسان بوو، دەسەڵاتدارانی ئەمریکا و ئیسرائیل لە ترسی ئەوەی

نەک ماچبارانیان بکات، کە دەیانبینی ئەوەندە لە دوورەوە دەستیان بۆ درێژ دەکرد، بە هەزار شەرەشەق دەستیان دەگەییشتە دەستی.(١)

ئەگەر چی سالانێکە هاوولاتیی سویدم، وەلێ هێشتا سوید بۆ من هەر تاراوگەیە، هێشتا بە نیشتمانی خۆمی نازانم، هێشتا هەست ناکەم مالم لە سوید بێت، تا ئەم دیکتاتۆری بێگانە، یان ئەوی خۆولاتی لە کوردستان دەسەلاتدار بێت، لەوێش هەست بە نامۆیی دەکەم. حەز دەکەم ئەم هاوینە بچمەوە بۆ کوردستان، بە نیازی کوودەتای سەربازی نا، هەر بۆ سەردان، بەلام ئەگەری ئەوە هەیە، لەوێ بکوژرێم! ڕاست و دروست بێت یان چەوت و چەویل، ئەوە سروشتی منە، لە نێوان گۆلی هێمن و گێژاودا، دووەمیان هەلدەبژێرم، ئەگەر قەت بە دیداری نوورانیی زێدی خۆم شاد نەبوومەتەوە، لە دێرێکم پاشگەز نابمەوە.

هەندێک لەوانەی لە کوردستان چەقۆوەشێن بوون، لە هەندەران قەلەموەشێن، جیاوازییەکی نێوان ڕۆشنبیر و قەلەموەشێن ئەوەیە، ئەمیان بە گژ دەسەلاتدا دەچێتەوە و ئەویان بە گژ ڕۆشنبیردا. ئایا کەسێک چەکی دەستی چەقۆ و هی دەمی جنێو بێت، ئەگەری ئەوە هەیە کارێکی باش بکات یان شتێکی جوان بلێت؟ گرنگ ئەوە نییە چی دەنووسین، ئەوە گرنگە چۆنی دەنووسین. ئەگەر ئەهلی قەلەم بین، دەتوانین بە تازەترین شێوە، باسی کۆنترین بابەت بکەین. بابەت گرنگ نییە، ئەوە گرنگە چۆن مامەلەی لەگەلدا دەکەین. (هەنگ و مێرووله هەردووکیان دزی دەکەن، ئەمیان شیلەی گول دەدزێت و دەیکات بە هەنگوین، ئەویان بە دزینی گەنم، زەرەر لەم و لەو دەدات.)(٢)

2005. 05. 27

(١) انیس منصور، إلا هذه القبله، الشرق الأوسط ٢٠٠٥/٥/٢٥ لندن.

(٢) حسین احمد امین، سرقات النمل و سرقات النحل، الشرق الأوسط ٢٠٠٥/٥/١٧ لندن.